هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٣٠) لە ٢٠١٩/١٠/٣٠

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمـوارکراو، و لەبەر رۆشـنایی کۆنووسـی کۆبـوونەوەی ئاسـایی ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە (١٢) لە ٢٠١٩/١٠/٣٠، بڕیاردرا بە:

١. ڕاسپاردنی لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی ئەنجـومەنی وەزیـران بە سـەرۆکایەتی بەڕێـز وەزیـری داد بـۆ هەماهەنگی لەگەڵ فراکسـیۆنە کوردسـتانییەکان لە ئەنجـومەنی نـوێنەران لە ڕێگـای ئامـادەکردنی ڕاپـۆرتێکی قـانونی و دەستووری تێروتەسەل کە وردەکاری چوارچێوەی دەستووری و قانونی ئەگەرەکانی هەموارکردنەوەی دەستووری عێـراق بـۆ سـاڵی ٢٠٠٥ لەخۆبگرێـت، و خسـتنەڕووی پێشـنیازی چـۆنیەتی مـامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئەگەرانە بە ئاراستەی پاراستنی ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان هاتوو لە دەستووری عێراقی فیدراڵی، و دروستکردنی ئەرشیفێك بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم بەڵگە و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لەم بارەیەوە.

٢. لیـژنەکە سـوود وەردەگرێـت لە پسـپۆڕانی بـواری دەسـتوور و شـارەزایان لە ئەنـدامانی پێشـووی پەرلەمـان و مامۆستایانی زانکۆ.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران